کۆمیسیۆن: هیچ پێشێلکارییەك لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ڕوونادات

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەمڕۆ سێشەممە، جەختی کردەوە کە هیچ پێشێلکارییەك لە پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ساڵی 2025 ڕوویننەداوە.

وتەبێژی کۆمیسیۆن جومانە غەللای ڕایگەیاند: "ئەستەمە هیچ پێشێلکارییەك لە پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی 2025 ڕووبدات،" ئاماژەی بەوەشدا کە "سندووقەکانی دەنگدان پارێزراون لەرێگەی بەکارهێنانی قفڵی نهێنی، و هەموو ئامێرەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لەرێگەی کابلەوە بە تۆڕی ئەلیکترۆنییەوە بەستراونەتەوە و ناتوانرێت پێشێل بکرێن."

وتیشی: "ئامێرەکانی خێراکردنی ئەنجامەکان تەنیا کارەکەیان خوێندنەوەی ئەو کاغەزانەیە کە لەرێگەی ئامێرەکانی دەنگدانی ئەلیکترۆنی تۆمارکراون، و کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنییە پەیوەندیدارەکان بە ئەمنییەتی سایبەرییەوە بەڵێوەدەچێت بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی پرۆسەی هەڵبژاردن."

لە کۆتاییدا وتی: "دەنگی دەنگدەران پارێزراوە و ناتوانرێت دەستکاری بکرێت، و دەنگدەر

دەتوانێت سەردانی بنکەی تەمار بکات بۆ وەرگرتنی کارتەکەی، بۆ ئەوەی پاشان بچێت بۆ دەنگدان لەو بنکەکانی دەنگدان."